# کۆنگرەی بیستەم.. سەرەمەرگی لێنینیزم و
# کۆمونیزمە سەرمایەدارییە دەوڵەتییەکەی.



نەوزاد وەلی



مالێنکۆڤ لە ڕاستەوە
لەگەڵ ستالیندا

لە دواى مردنی ستالین لە ساڵی ١٩٥٣دا ، سەرکردەکانی حیزبی شیوعی سۆڤیەت بڕیاریاندا کە لەوەودوا سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵیان هەبێت ، چونکە لێنینی مامۆستایان زۆر باسی سەرکردایەتی بەکۆمەڵی کردبوو.

هەرچەندە لێنین باسی سەرکردایەتی بەکۆمەڵی کردبوو ، بەڵام تا مرد هەر خۆی سەرکردەی تەنیا و خواى بۆلشەڤیکەکان بوو ، تەنانەت خۆشی جێگری بۆ خۆی هەڵبژارد کە "ستالین" بوو ، نەک کۆنگرەی حیزبەکەی ، یان سەرکردایەتییەکەی.



نیکیتا خروشۆڤ

ڕوسەکان سەرکردایەتییەکیان لە سێ کەس هەڵبژارد کە بریتی بوون لە جیۆرجی مالێنکۆڤ ، نیکیتا خروشۆڤ و نیکۆلای بولگانێن ، بەڵام ئەوەش هەر وەک سەردەمی لێنین و ستالین بوو ، خروشۆڤ بوو بە تەنیا سەرکردەی حیزب و دەوڵەت. ئەو سەرکردایەتییە بەکۆمەڵانە تا ڕوخانی سۆڤیەت و پوکانەوەی حیزبەکەی لێنین ، هەر تەنیا دیکۆر بوون.



نیکۆلای بولگانێن

مالێنکۆڤ لە داوی مردنی ستالین بۆ چەند ڕۆژێک بوو بە سکرتێری حیزبەکە ، بەڵام دواتر خروشۆڤ بە سکرتێر هەڵبژێررا و دواى حەوت مانگ مالێنکۆڤی لە سەرکردایەتییە سێ کەسییەکە دورخستەوە ، بەڵام بۆ دیکۆر هەر ناوەکەی لە دەستە سێ کەسییەکەدا هێشتەوە ، بولگانێنیشی بۆ دوو ساڵ کرد بە وەزیری بەرگریی و دواتر کردی بە سەرۆکوەزیران و لە ناوەکەی زیادتر هیچی تر نەبوو.

ئەو سێ کەسە ئامرازە هەرە کاریگەرەکانی دەستی ستالین بوون لە تاوانەکانیدا بەرامبەر بە گەلانی سۆڤیەت و ئەندامان و سەرکردەکانی حیزبە شیوعییەکەی خۆی.



لیۆنید بریژنێڤ



ئالێکسێی کۆسیگین



نیکۆلای پۆدگۆرنی

لە ساڵی ١٩٦٤دا و دواى لابردنی خروشۆڤیش ، دەستەیەکی سێ کەسیی لە لیۆنید بریژنێڤ ، ئالێکسێی کۆسیگین و نیکۆلای پۆدگۆرنی دروستبوو کە بە ڕواڵەت سەرکردایەتی بەکۆمەڵ و لە ڕاستییشدا لە ناو و دیکۆر زیادتر ، هیچی تر نەبوو. بریژنێڤ خۆی تاکە سەرکردە بوو. بە ناو کۆسیگین سەرۆکوەزیران و پۆدگۆرنی سەرۆکی دەوڵەت بوون ، بەڵام وەک هەر حیزبێکی شیوعی تر لە دنیادا کە دەسەڵاتدار بوون ، سکرتێری حیزبەکە لە سەروو هەموو دەسەڵاتێکی دەوڵەت و حیزبەکە و یاساکانەوە بووە.

ئەو دیاردە ساختەیەی بە ناوی سەرکردایەتی بەکۆمەڵەوە ، لە هەموو حیزبە شیوعییەکاندا هەیە و بە حسابی خۆیان مەکتەبە سیاسییەکانیان و کۆمیتە ناوەندییەکانیان سەرکردایەتی بەکۆمەڵی حیزبەکە ئەکەن ، بەڵام مێژوو ئەو درۆیەی دەرخستووە کە سکرتێر تەنیا کەسێکە کە بە ئارەزووی خۆی سەرکردایەتی ئەکات ، تا ئێستا و لە مێژووی حیزبە شیوعییەکاندا بۆ تاکە جارێکیش ڕووینەداوە کە سکرتێرێک بە شێوەیەکی ئاسایی لە لایەن مەکتەبی سیاسی و کۆمیتە ناوەندییەکەیەوە لاببرێت ، یان پاش دوو کۆنگرە بگۆڕرێت ، ئەوەش ئەگەر تاکوتەرا ڕوویدابێت ، ئەوا بە کودێتا ، یان بە پلانگێڕان ڕوویداوە ، وەک لابردنی خروشۆڤ سکرتێری حیزبی شیوعی سۆڤیەت ، هەروەها لابردنی ئەلێکساندەر دوبچێک سکرتێری حیزبی شیوعی چێکوسلۆڤاکیا ، هەروەها سکرتێری حیزبی شیوعی هەنگاریا کە لە لایەن سوپای سور و پەیمانی وارشۆوە لابران.

ئەو دیاردەی سەرکردایەتی بەکۆمەڵە کە بریتییە لە مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی ، وەک پەتایەک بە ناو حیزبە بە ناو شیوعییەکان و ناشیوعییەکان ، تەنانەت ئیسلامییەکانیشدا بڵاوبووەتەوە. کڵۆڵییەکە لە ئەوەدایە کە حیزبە ئیسلامییەکانیش مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندییان هەیە! لە کاتێکدا ئەوە لێنین بوو کە ئەو شێوازە سەرکردایەتییە دیکتاتۆرییە و ئەو ناوانەی بۆ یەکەم جار دانا و بوون بە بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبە شیوعییەکان.

لە ناو حیزب و ڕێکخراوەکان لە وڵاتانی ئەوروپادا "بێگومان جگە لە حیزبە بە ناو چەپ و شیوعییەکان" ، شتێک نیە پێی بڵێن "پۆلیتبیرۆ ـ مەکتەبی سیاسی" و "سەنتراڵ کۆمیتێ ـ کۆمیتەی ناوەندیی" ، هەر حیزبێک و بەپێی زمانەکەی خۆی و دور لە مەرکەزییەتە لێنینییەکەوە ، ناوی خۆماڵیی بۆ دەستە سەرکردایەتییەکان هەیە ، وشە و پۆستی سکرتێریش بە مەبەستە بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەکارئەهێنرێت ، نەک وەک لە حیزبە شیوعییەکان و ڕۆژهەڵاتییەکاندا بۆ سەرۆک بەکاربهێنرێت ، واتە کاری سکرتێری حیزب ، بەڕێوەبردنی کارە ناوخۆییەکانی حیزبەکە و نوسین و تۆمارکردنی مەحزەرەکانی کۆبوونەوەکانی دەستە سەرکردایەتییەکانی حیزبەکە و سەرپەرشتییکردنی ڕێکخراوەکانە و.. تد.

هەر لە ئەو حیزبانەی ئەوروپاشدا ، لە سەرۆکگۆڕین ئاسانتر نیە ، کەم حیزب هەیە کە لە نێوان سێ کۆنگرەیدا ، بە لایەنی کەمەوە جارێک یان دوو جار سەرۆک و دەستەی سەرکردایەتییەکەی نەگۆڕیبێت.

لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی شیوعی لێنینیستی سۆڤیەتدا کە لە ١٤-٢-١٩٥٦دا گیرا ، خروشۆڤ جێیێی خۆی توندکردبوو ، پاش دە ڕۆژ لە بەردەوامیی کۆنگرە ، ڕاپۆرتێکی خوێندەوە کە نهێنی بوو ، تەنیا بۆ نوێنەرانی کۆنگرە بوو ، لە ئەو ڕاپۆرتەدا هێرشێکی بەرفرەوانی کردە سەر لێنینیزم ، ستالین و ستالینیزم ، ڕایگەیاند کە ستالین تا ئەو کاتەی کە مردووە ، بەرپرسە لە کوشتنی لە سەتا حەفتای ئەندامانی حیزبی شیوعی سۆڤیەت.

بەرامبەر بە سیاسەتی لێنین و ستالین وەستا و ڕایگەیاند کە سۆشیالیزم لە سۆڤیەتدا جێگیربووە ، ئیتر پێویستیان بە دیکتاتۆریی پرولیتاریا نەماوە. خوێندنەوەی وتارەکەی خروشۆڤ ، یان ڕاستتر ئەو ڕاپۆرتەی کە بە فەرمانی خۆی دەستەیەکی تایبەت لەوەوبەر ئامادەیکردبوو ، چوار کاژێری خایاند.

جگە لە هێرشەکانی بۆ سەر سیاسەتی لێنین و ستالین ، ڕایگەیاند کە ئیتر ناتوانن بەرەنگاری بەرەی سەرمایەداریی و ئیمپیریالیزم ببنەوە و لە ئەم سەردەمی چەکی ئەتۆمییەدا مرۆڤایەتی بخەنە ژێر مەترسی لەناوچوونەوە ، لەبەرئەوە لەمەودوا دروشمی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە بەرزئەکەنەوە.

خاڵێکی گرنگی تریش لە ئەو ڕاپۆرتەی خروشۆڤدا ئەوە بوو کە ئیتر باوی شۆڕش نەماوە و سۆشیالیزم بە زۆر بەسەر گەلاندا ناسەپێنرێت.

زۆربەی ناوەڕۆکی ئەو وتارە ـ ڕاپۆرتە ، ڕاست و واقیعیی بوون ، ئەو ڕاستییانەیان دەرخست کە لێنین و ستالین ویستبوویان سۆشیالیزمە سەرمایە دەوڵەتیی و ئیمپراتۆریاکەی سۆڤیەتیان بە خوێن و کەللەسەری گەلانیان دروستبکەن ، بەڵام ئایا ئەو وتانەی خروشۆڤیش هەر وەک ئەوانەی لێنین و ستالین بە کردەوە شتێکی تر نەبوون؟

لە ساڵی ١٩٥٤دا خروشۆڤ دوای مردنی ستالین بوو بە سەرۆکی سۆڤیەت ، تا شوباتی ١٩٥٦ خەریکی کۆکردنەوەی زانیاریی بوو لەسەر تاوانە مەزنەکانی لێنین و ستالین بەرامبەر بە گەلانی سۆڤیەت کە بە ناوی سۆشیالیزمەوە کرابوون ، بەتایبەتیی "گولاگەکان - زیندانە ئۆردووگا زۆرەملێکانی کاری سەخت و کۆیلەیی لە سیبیریا وەک سزادان بۆ نەیاران و ڕەخنەگران کە قوربانییەکانیان تەنیا لە سەردەمی لێنین و ستالیندا لە هەژدە میلیۆن کەس تێپەڕی" ، لێنین گولاگی دروستکرد و دواتر ستالین پەرەیپێدا تا گەیشت بە ئەوپەڕی شێوازی مامەڵەکردنی نامرۆڤایەتی لە مێژووی مرۆڤدا ، هەروەها گەلی ئۆکراینا کە زۆرترین قوربانیی بە دەستی بۆلشەڤیکەکان و سوپا سورەکەیان داوە ، بەڵام لە وتارەکەی کۆنگرەی بیستەمدا ، ئەو بەشانەی کە پەیوەندییان بە جینۆسایدی ئۆکرانیاییەکان ، قوربانییەکانی گولاگەکان و سەرکردایەتییەکانی حیزبەوە هەبوو کە لێنین خۆی

ئاگای لێیان بووە و خروشۆف خۆشی لە ساڵانی ١٩٣٧ و ١٨٣٨دا ڕاستەوخۆ بەرپرسی کوشتنی زیادتر لە سەت هەزار ئۆکرانیایی بووە ، ئەو باسانە لە ڕاپۆرتەکەدا دەرکرابوون ، واتە باسی ئەو تاوانانەی کە پەیوەندییان بە لێنین و خروشۆف خۆیەوە هەبوو ، لە ڕاپۆرتەکەدا نەبوون ، تەنیا باسی تاوانەکانی ستالینی تیادا مابوو.

درۆزنیی خروشۆف هەر زوو دەرکەوت کە خۆشی هیچی لە لێنین و ستالین کەمتر نەبوو. لە کاتێکدا کە لە کۆنگرەی بیستەمدا ئەینەڕاند ئەبێت پێکەوە بە ئاشتیی بژین و سۆشیالیزم بە زۆر بە سەر گەلاندا ناسەپێنرێت ، هەر پاش هەشت مانگ لە دوای کۆنگرەی بیستەم ، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٦دا ، سوپا سورە لێنینیست ـ ستالینیستییەکەی ناردە سەر گەلی هەنگاریا و سەرکوتیکرد ، لە کاتێکدا کە حیزبی شیوعی هەنگاریا و گەلی هەنگاریا بە وتارەکەی خروشۆف لە کۆنگرەی بیستەمدا دڵخۆشبووبوون ، یان ڕاستتر ، هەڵخەڵەتابوون ، لایان وا بوو کە خروشۆف دەروازەیەکی دیموکراتیی بە ڕوویاندا کردووەتەوە.



نیکیتا خروشۆف
لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڕەشەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەکرد ، بەڵام بە کردەوە پەیڕەوی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی ئەکرد.

جگە لە چەند هەڵچوونێکی ڕووکەشیی لە کۆبوونەوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا و لە سەروبەندی گەمارۆدانی کوبا لە لایەن ئەمێریکاوە ، سیاسەتی خروشۆف بەرامبەر بە ڕۆژئاوا ، وەک ئەو پەندە کوردییە وا بوو کە ئەڵێت "حیزیی و سەلامەتیی"، بە ناوی ئەوەوە کە شەڕی جیهانیی سێیەم هەڵنەگیرسێت و چەکی ئەتۆمیی بەکارنەهێنرێت ، پشتیانکردە هەموو حیزبە شیوعییەکان ، لە پێناوی تاکە بەرژەوەندێکی بچوکی خۆیاندا ، قوربانییان بە خوێنی ملیۆنان شیوعی برایان و نەتەوە چەوساوە و خاک داگیرکراوەکان ئەدا.

لە کاتی هێرشە سێ لایەنییەکەی بریتانیا ، فەرەنسا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر بە بۆنەی خۆماڵیکردنی کاناڵی سویس لە ساڵی ١٩٥٦دا لە لایەن میسرەوە ، ڕوسەکان بەپێی پێویست یارمەتی میسریان نەدا. هەر لە ئەو کاتانەدا کە هەڕەشەکانی خروشۆف لە دنیادا ئەزرنگانەوە ، (خروشۆف بە باڵوێزی میسر لە مۆسکۆ ڕائەگەیەنێت کە بە هۆی بوونی لەمپەری جیۆگرافییەوە ، ناتوانێت هیچ یارمەتییەکی ماددیی بۆ میسر بنێرێت... ئەمە جگە لە ئەوەش کە خروشۆف لە نامەیەکیدا بۆ عەبدولناسر لە ڕێی شکري القوتلي سەرۆککۆماری سوریاوە ، بە ڕونیی ئەڵێت ناتوانین لە پێناوی میسر و کاناڵی سویسدا ئاگری شەڕی جیهانیی سێیەم هەڵبگیرسێنین.).[١١٩]

هەروەها کاتێک کە عبداللطیف البغدادي گەورە ئۆفیسەر و دۆستی هەرە نزیکی ناسر ، لە سەروبەندی شەڕەکەی سویس و هێرشی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٥٦دا بۆ سەر میسر ، دەربارەی هەڵوێستی ڕوسەکان پرسیار لە ناسر ئەکات ، (لە وەڵامدا ناسر ئەڵێت: قوڕوقەپ و بێ جوڵە وەستان ، لە ترسی ئەوەی نەک توشی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمێریکا بێن.).[١٢٠]

لە دوای کۆنگرەی بیستەمی حیزبی شیوعی سۆڤیەتەوە ، خۆبەدەستەوەدان و سازشکردن لەگەڵ دەسەڵاتە دیکتاتۆر و فاشیستەکانی وڵاتە دواکەوتووەکاندا ، بوو بە سەرچاوەی بەرنامە و کاری ڕۆژانەی ئەو حیزبە شیوعییانەی کە لە چەرخی بۆلشەڤیکە ڕوسەکاندا ئەخولانەوە و بە ئاوازی ئەوان هەڵئەپەڕین.

لەبەرئەوەی کە کۆنفرانسی دووەمی حیزبی شیوعی عێراق لە ساڵی ١٩٥٦دا گیرا ، لە هەمان ئەو کاتەدا بوو کە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی شیوعی سۆڤیەت گیرابوو ، دروشمی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی بەرزکردبووە و ستالین و ستالینیزمی تاوانبارکرد ، هەر لەبەرئەوەش بوو کە کۆنفرانسی دووەمی حیزبی شیوعی عێراقیش دەربارەی خەباتەکەی دژی ڕژێمی پاشایەتی عێراق بڕیاریدا کە (جەنگێکە بە سروشت زیادتر ئاشتییانەیە.).[١٢١] جگە لە ئەوەی کە ئەوە قسەیەکی شێواو و نا واقیعییانەیە ، لە کاتێکیشدا بوو کە ڕژێمی پاشایەتی ، بەتایبەتیی کابینەکانی نوری سەعید بە ئەوپەڕی دڕندەییەوە بەرەنگاری شیوعییەکان ئەبوونەوە ، هەر ئەوانیش فەهدی سەرۆک و دامەزرێنەری حیزبی شیوعی عێراق و هاوڕێکانی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەسێدارەدا ، بەندیخانەی ناوزڕاوی نوگرە سەلمانیان بۆ شیوعییەکان کردەوە ، بەڵام وەک پەندە بەغدادییەکە ئەیوت: لە مۆسکۆ بەفر ببارێت ، شیوعییەکان لە بەغداد چەتر هەڵئەدەن.

ئەو بڕیارەی کۆنفرانس کە جەنگی ڕژێمی پاشایەتی دڕندەی عێراقی دژ بە حیزبی شیوعی عێراق بە ئاشتییانە دانا ، بوو بە

هۆی بێزاریی و نارەزاییەکی زۆری جەماوەر ، ئەندامان و کادێرانی حیزب ، بەڵام سەرکردایەتی حیزب هیچی نەکرد ، چونکە حیزبە لێنینیستەکەی ڕوس بڕیاری پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی لەگەڵ ئیمپیریالیزمدا دابوو.

لە دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییە بەرفرەوانییەکەی نۆڤەمبەری ١٩٥٦ کە ڕژێمی پاشایەتی بە ئەوپەڕی دڕندەییەوە و بە ئاگر و ئاسن بەرەنگاری بووەوە ، کۆمیتەی ناوەندیی بڕیارەکەی کۆنفرانسی گۆڕی و لە بەیانێکدا لە ١١-١٢-١٩٥٦دا دەربارەی ڕژێم و سەوداکردن لەگەڵیدا ئەڵێت: (زیادتر کردەوەی زۆرداریيە.).[١٢٢]

لە کاتێکدا کە ئیمپریالیزمی فەرەنسا ، بریتانیا ، ئەمێریکا ، هۆڵەندا ، ئیتاڵیا ، سپانیا و پۆرتوگال ، خەریکی داگیرکردنی وڵاتانی ئاسیا ، ئافریکا ، ئەمێریکای خواروو و دورگەکانی ئۆقیانوسەکان بوون و خوێنی میلیۆنان هاووڵاتیی و شیوعییەکانی عێراق ، ئێران ، شام و نزیکەی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان ، کۆریا ، لائوس ، کامبۆدیا ، ڤێتنام ، ئیندۆنێسیا ، مالاییزیا ، نیبو کاڵدۆنیا ، ئەنگۆلا ، مۆزەمبیق ، جەزائیر و دەیان وڵاتی تریان ئەڕشت ، خروشۆڤ و سەرانی سۆڤیەت داوای پێکەوە ژیانی ئاشتییانەیان لەگەڵ ئەو وڵاتە ئیمپیریالیزمە داگیرکەرانە و دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکانیاندا ئەکرد!

لە کاتێکدا کە خروشۆڤ ڕەخنەی لە دیکتاتۆرییەکەی لێنین و ستالین ئەگرت، لە هەمان کاتدا خۆی لە ئەوان خراپتری ئەکرد و لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکاندا لە ساڵی ١٩٦١دا هەڕەشەی لە ئەمێریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەکرد ، بەڵام مێژوو سەلماندی کە جگە لە هەڵچوون و پۆزلێدان ، هیچی تر نەبوو.

کۆنگرەی بیستەمی حیزبی شیوعی سۆڤیەت ، ئەو ڕاستییە تاڵە بوو کە لێنینیزم و ئەو شێوازە سۆشیالیزمەی کە لێنین هەڵیبژاردبوو "سەرمایەداریی دەوڵەتیی" ، لە سەرەمەرگدایە و مەحاڵە مرۆڤ بتاوانێت پەیڕەویی بکات. هەر هەوڵ و کۆششێک بۆ پینەکردنی لێنینیزم و سۆشیالیزمەکەی لە دوای ئەو کۆنگرەیەوە درا ، بێسود بوو.

(ڕەخنەگرتن لە ستالین و ستالینیزم لە ساڵی ١٩٥٦دا ، چاوی شیوعییەکانی عێراقی وەک شیوعییەکانی هاوشێوەکانیانی لە دنیادا ، بە ڕووی ئەو هەڵە و کەموکوڕییە گەورانەدا کردەوە کە ستالینیزم لە بزوتنەوەی کۆمونیزم و نێونەتەوەییدا دروستیکردبوون ، بەڵام چاویان بە ڕادەیەکی پێویست نەکرایەوە کە بتوانن سەردەمی پێش ستالینیش ببینن ، ڕاستتر بڵێین سەردەمی بۆلشەڤیکەکان...).[١٢٣]

ئەوە ڕای عزیز سباهي ڕۆژنامەنوس و کادێری ناوداری حیزبی شیوعی عێراقە ، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێت ، نەینوسیوە "سەردەمی لێنین" ، بەڵکوو نوسیویەتی "سەردەمی پێش ستالینیش ، سەردەمی بۆلشەڤیکەکان" ، ئەوەش کەم یان زۆر وا لە خوێنەری ناشارەزا لە ئەو سەردەم و مێژووانەدا ئەکات کە وا تێبگات سەردەمی پێش ستالین ، سەردەمی بۆلشەڤیکەکان ، سەردەمی لێنین نەبووە! لە کاتێکدا کە ستالین ڕاستەوخۆ و بە فەرمانی لێنین خۆی ، بوو بە جێگرەوەی لێنین و سکرتێری حیزبی شیوعی سۆڤیەت. هەروەها دیسان ئەو شێوە دەربڕینەی سباهي وا پێشانئەدات کە ستالین بۆلشەڤیک نەبووە! لە کاتێکدا کە ستالین شاسواری جێبەجێکردنی بیروبۆچوون و تیۆرییە سەقەتەکانی لێنین و بۆلشەڤیکەکان بوو.

لە ئەنجامی ڕاستییە مێژووییەکان ، کارەساتەکان و گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ، ئەو ڕاستییە دەرئەکەوێت کە:

سۆشیالیزم وەک خۆشەویستیی وایە ، خۆشەویستییش بە زۆر ، زەبروزەنگ ، ملبڕین و سەرپانکردنەوە نابێت.

سۆشیالیزم بۆ ئاسودەیی و بەختیاریی مرۆڤە ، مرۆڤیش بە چەوسانەوە و کوشتنی خۆی ، ئاسودە و بەختیار نابێت.

لێنینیزم تەواو پێچەوانەی ئەو دوو ڕاستییە بوو ، بۆیە پاش حەفتا و دوو ساڵ لە دەسەڵاتی بێپایان ، دەسەڵاتی ئاگر و ئاسن ، دەسەڵاتی جینۆسایدی گەلانی ئیمپراتۆریای ڕوس ، دەسەڵاتی سوپای سور ، گولاگ و گەورەترین زیندانی سیاسی و بیروڕا لە دنیادا ، بە حەفتا و دوو کاژێر لە ڕەگوڕیشەوە هەڵتەکێنرا و وەک بەفری بەهار توایەوە.

تێبینیی: ئەم بابەتە باسێکە لە باسەکانی پەرتووکێکم کە هێشتا بڵاونەبۆتەوە.

بەرگی پەرتووکەکە:

## تراجیدیاکان و شیوعییەکان

### لە سەنگەری بەعسەوە بۆ سەنگەری پێشمەرگە

### لە مۆسکۆ و پراگەوە بۆ ناوزەنگ




ماڵپەڕی نەوزاد وەلی